



_ ڤەلەنتاین _* شێروان بێ دڵ

ساڵەهایە
لەناو تەرمی خۆشەویستیم
دەنوێنی
کەچی زیاتریش قەیرانم
ڕێگایەك بۆ
گەڕانەوەی
جێژوانی خۆم پێنازانم
لەناو پێلوی
گەشما دیارە
ئاکاری ژانێکی گەورە
هەنسکی دڵێکی عاشق
کەجێژوانی
هاوسەری خۆی پێ نازانێ
هەرچەند ئەمڕۆ ڕۆژی عیشقە
کەرنەڤاڵی
ڤەلەنتاین بەڕێوەیە
دڵی عاشق
گوڵی سووری ئەم کێوەیە

بڕیارمدا
لەو جەژنەدا بەشدار نەبم
تا لەسینەی
جوانت دووربم
تابە دەستم نەهۆنمەوە
پرچی نەرمت
تا ماچ نەکەم لێوی گەرمت
هەست بەخۆشی جەژن ناکەم
لەتۆ زیاتر
لێوی هیچ کەسێك ماچ ناکەم
تۆ گڕی ئەو عەشقە پاکەی
بڕا بڕا
لە ناخمدایت
هەرچەند ئەتۆش جارێك
لێوم نامژیت و
هەر بۆ ماچێك ڕێم پێنادەیت !

- ڤەلەنتاین : جەژنی خۆشەویستی یەو خەونی خۆشی عاشقانە .
- لە ڕۆژی ١٤فیبرێوەری خەڵکی بە دیاری وێنەی گو ل و دڵی سوور بۆ یەکتری دەبەن بۆ بەسەر کردنەوەی ئەم جەژنە لە زۆر ماڵ و شوێنە گشتی یەکانیش ئاهەنگی خۆشەویستی دەگێڕن !